پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب یان بازاڕی کتێب ، دوو شێوەی پیشەییانە.. نووسینی: ئاری دزەیی

شێوەی یەکەم :

پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر یان لەهەر شارێکی کوردستان یان لەهەر شوێنێکی جیهان تەنها شوێنێک نییە بۆ کڕین و فرۆشتنی کتێب، بەڵکو گەورەترین بۆنەی کولتوورییە کە نەتەوە، زمان و بیرکردنەوە جیاوازەکان لە یەک شوێندا کۆدەکاتەوە. لە فرانکفۆرتەوە تا هەولێر لە قاهیرەوە تا سلێمانی، لە سوریاوە تا دهۆک ، هەموو پێشانگەیەک هەمان ئامانجی هەیە: پاراستنی وشە و بڵاوکردنەوەی زانست. و ڕۆشنبیری و هونەر .

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێشانگەی کتێب:

1. فرە-نەتەوەیی بوون: گرنگترین تایبەتمەندیی ئەوەیە کە نێودەوڵەتییە. دەیان وڵات، سەدان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بە زمانە جیاوازەکان بەشداری دەکەن. خوێنەر لە یەک هۆڵدا دەتوانێت کتێبی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی لە تەنیشت یەک ببینێت.
2. فرە-ڕەهەندی بوون: پێشانگە تەنها نمایشکردنی کتێب نییە. بریتییە لە:

- واژووکردنی کتێبی نووسەران
- پانێڵ و دیبەیت لەسەر ئەدەب و مێژوو و سیاسەت
- وۆرکشۆپی نووسینی داهێنەرانە بۆ منداڵان و گەنجان
- نمایشکردنی کتێبی دەنگی و ئەلیکترۆنی

3. دەرفەتی پیشەسازی چاپ: شوێنێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان نووسەر، وەرگێڕ، بڵاوکەرەوە و بریکاری ئەدەبی. زۆر

گرێبەستی وەرگێڕان و کڕینی مافی چاپ لەناو پێشانگەدا واژوو دەکرێت.

4. کاتی وەرزی: ساڵانە لە کاتێکی دیاریکراودا دەکرێتەوە و دەبێتە نەریتێکی کولتووری. بۆ نموونە پێشانگەی کتێب لە هەرێمی کوردستان بۆتە جەژنێکی ساڵانەی خوێنەرانی کوردستان.

خاسیەت و سوودەکانی

1 بۆ خوێنەر: گەورەترین کتێبخانەی کاتی دەڕەخسێنێت. هەموو بڵاوکراوە نوێیەکان بە داشکاندن، لەگەڵ دەرفەتی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی نووسەری دەخوازت.

2. بۆ نووسەر و بڵاوکەرەوە: باشترین بازاڕە بۆ ناساندنی بەرهەمەکانیان بە جیهانی دەرەوە. نووسەرێکی کورد دەتوانێت لەڕێگەی پێشانگەیەکی نێودەوڵەتییەوە کارەکەی بگاتە وەرگێڕێکی بیانی.

3. بۆ کۆمەڵگا: ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بەرز دەکاتەوە. کاتێک هەزاران خێزان بە منداڵەکانیانەوە سەردانی پێشانگە دەکەن، کولتووری خوێندنەوە دەبێتە کولتوورێکی گشتی نەک تاکەکەسی.

4 بۆ ئابووری و گەشتیاری: پێشانگە سەدان هەلی کاری کاتی دروست دەکات و جووڵەیەکی گەورە بە هۆتێل، خواردنگە و گواستنەوەی شارەکە دەدات.

٥. پاراستنی ناسنامە: بۆ ئێمەی کورد، پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب گرنگترین سەکۆیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووی نووسین و خوێندنەوەیە و دەتوانێت لە پاڵ زمانە گەورەکاندا بوەستێت.

پێشانگەی کتێب ئەو شوێنەیە کە تێیدا دەزانین مرۆڤایەتی هێشتا باوەڕی بە وشە هەیە. لە سەردەمی خێرایی سۆشیال میدیادا، هێشتا هەزاران کەس بۆ بەرگێکی کاغەزی ڕیز دەبەستن، ئەمە خۆی گەورەترین بەها خاسیەتی کتێبە!

ش□□ۋ□ی دووەم :

لە سەردەمێکدا کە جیهان بەرەو دیجیتاڵبوون دەچێت، پێشانگەی کتێب سەلماندوویەتی کە کتێبی چاپکراو هێشتا گیانی ماوە. یەکەم

پێشانگەی نەودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1949 دامەزرا و ئێستا گەورەترین پێشانگەی جیهانە بە بەشداری زیاتر لە 100 وڵات. ئەم توێژینەوەیە پرسیارێکی سەرەکی دەکاتە بنەما: بۆچی وڵاتان ساڵانە ملیۆنان دۆلار بۆ پێشانگەی کتێب خەرج دەکەن؟
مەبەست لە پێشانگە ی کتێب :

1. تایبەتمەندییەکانی پێشانگەی نەودەوڵەتی چین و چی جیای دەکاتەوە لە کتێبفرۆشێکی ئاسایی؟
2. خاسیەتە کولتووری و ئابوورییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان چین؟

ئامانج لە پێشانگە :

- ناساندنی تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی پێشانگەی نەودەوڵەتی
- شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر بەرەوپێشچوونی کولتووری خوێندنەوە
- پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بۆ باشترکردنی پێشانگە

تایبەتمەندییەکان :

1 تایبەتمەندی پێکهاتەیی:
پێشانگەی نەودەوڵەتی بە سێ مەرج نەودەوڵەتی پێدەوترێت: 1) بەشداری زیاتر لە 10 وڵات 2) بوونی بەرنامەی وەرگێڕان 3) بوونی ستانداردی نەودەوڵەتی.

2 تایبەتمەندی ڕێکخراوەیی:
دابەشکردنی هۆڵەکان بەپێی بابەت: هۆڵی منداڵان، هۆڵی ئەکادیمی، هۆڵی ئەدەب، هۆڵی دیجیتاڵ. ئەمە وا دەکات خوێنەر بە ئاسانی بگات بە ئامانجەکەی.

3 تایبەتمەندی میدیایی:
پێشانگە خۆی دەبێتە ناوەندی هەواڵ. زیاتر لە سەدان ڕۆژنامەنووس ڕووماڵی دەکەن و دەبێتە باسوخواسی سۆشیال میدیا.

دوو خاسیەتی گرنگ و بەرچاو :

1. خاسیەتی کولتووری – دیپلۆماسیەتی نەرم:
وڵاتێک وەک ئیماراتی عەرەبی لە ڕێگەی پێشانگەی شارجەوە

توانیویەتی وێنەی خۆی وەک وڵاتێکی کراوە و ڕۆشنبیر نیشان بدات. بۆ کوردیش دەرفەتێکە بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە جیهان.

2 خاسیەتی کۆمەڵایەتی:

پێشانگە شوێنێکی گشتی دروست دەکات کە تێیدا مامۆستا، قوتابی، کەساب و بەرپرس پێکەوە بەبێ جیاوازی کۆدەبنەوە. ئەمە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات.

پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب تەنها بازاڕێکی کاتی نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی کولتووری هەمیشەییە. تایبەتمەندییەکەی لە فرەچەشن بوونەک□ی□دایە و خاسیەتەکەشی لەوەدایە کە کتێب لە کاڵایەکەوە دەگۆڕێت بۆ کردارێکی کۆمەڵایەتی.

نووسینی / ئاری دزەیی